# هەڵوێستە چەوتەکان لە مەڕ لێکدانەوەی بڕیاری نوێی کادیك

گۆران سامان = فیلاند

وەکو هەمووومان دەزانین کە سەرۆکی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بەڕێز (عبدالله ئۆج ئالان) ، لە 15ی شوباتی ساڵی 1999 بەدەستی چەپەڵی زلهێزەکانی جیهان بەڕاست و چەپیانەوە بە دیموکرات و لیبراڵیانەوە بەشداریان لەو گەلە کۆمەیەکرد کە سەرۆکی ناوبراو دەستگیر کراو ڕادەستی دەوڵەتی فاشىتی تورك کرایەوە، بێ گومان ئەو گەلەکۆمەیە لە کەسێتی سەرۆکی گشتی (پ ك ك) دژ بە هەموو گەلی کورد بوو. هەروەها ئەشێت بوترێت ئەو گەلەکۆمەیە بەتەنیا مەرج بوو دژ بە کەسێتی ئۆج ئالان ئەنجام بدرابایە نەوەك سەرکردەکانی تری ئێستا، چونکە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر ئەوەبوو کە ئۆج ئالان خاوەنی دەورێکی سەرەکی بوو نەك لەناو پارتەکەی بەڵکو لەناو سەرجەم گەلی کورد و ڕۆلێکی زۆر گرنگی لە تێپەڕاندنی هێڵی بەکرێگیراوی و کۆنەپەرستی ناو کوردیش هەبوو واتە ئۆجالان بە تەنیا دژ بە شۆڤێنزم نا بەڵکو دژ بە کۆنەپەرستی ناو کۆمەڵگاشدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو، زەقکردنەوەی کێشەی ژن و بۆ یەکەمین جار سازکردنی سوپای گەریلای ژنان لەسەر بنەمای ژیانێکی شۆڕشگێڕی هاوچەرخ بەواتای ئەوەوە دێت، واتە ئۆجەلان لە تێکۆشانی ئازادی نەتەوەیی پێوان و شێوازی تێکۆشان، ژیان، سەرکردایەتی لە بزوتنەوەی کلاسیکی کوردی بەتەواوی جیاکردەوە بۆ ئەوەش بوو ئۆجەلان نەك بەتەنیا سەرکردەی پارتێك بەڵکو بوو بەسەرکردەی نەتەوەیەك و لە هەموو بەشەکانی کوردستان و جیهان ناسراو جیهانی نادادوەر لێی ترسا. ئەوەی گرنگ بێت ئەوەیە بۆچ لەو سەردەمە ئۆج ئالان دەستگیر کراو هەڵوێستەکانی ئەو چۆن لێك بدەینەوە؟ خۆی لە خۆیدا ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە مەبەست لە دەستگیرکردنی بەڕێز ئۆج ئالان بەتەنیا پاکتاوکردنی بزاڤی ئازادی نەتەوەیی نەبوو بەڵکو لایەنی هەرە مەترسیداری ئەوەبوو کە هێزە زەبەلاحەکانی جیهان پلانی ئاگری شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوینیان دائەڕشت بۆ ئەوەش دەیانووت پێویستە کورد ببێت بەئاگری قوربانی ئەو شەڕە، ئەوە لە ئەنجامی پلانێکی گەورەی نێو نەتەوەیی کە تائێستا لەسەر کەس ئەنجام نەدراوە ئەنجامگیر بوو، هەروەها سەرۆکی بزوتنەوەی ئازادی نەتەوەیی کورد لە کاتی پەیمانی واشنتۆنی نێوان PDK-YNKهەستی بەو پیلانەکرد بۆیە ئاگربەستی یەکلایەنەی ڕاگەیاند واتە شەڕ و ئاگر بەست بەرلە دەستگیرکردنی ئۆج ئالان لە ئارادابوو بۆ ئەوە ئاپۆ دەستگیر کرا من پێم وایە ئەگەر ئەو ئاگر بەستە یەك لایەنەی ئەوسا نەبوایە ئەوا گەلە کۆمە بەو شێوەیە ئەنجام نەدەدرا، بۆ ئەوەش بوو ئاپۆی سەرکردە ڕووی لە ئەوروپا کرد وویستی بەپێی پێوانەکانی مافی مرۆڤی ئەوروپا ئەو کێشەیە بە ئاشتی و دیالۆك چارەسەر بکات بەڵام ئەو لایەنانەی کە بەرژەوەندیان لە ئاشتیدا نەبوو دیاربوو هەڵوێستیان چی بوو ووڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکاو ئیسرائیل پێیان ناخۆشبوو شەڕ بوەستێ چونکە بەوەستانی شەڕ بازاڕی چەك ئەوەستێ، یۆنان و ڕووسیا بەرژەوەندیان لە شەڕبوو، هەروەها هەردووپارتی دەسەڵاتبەدەستی باشوری کوردستان وەك PDK-YNKپێیان ناخۆشبوو شەڕ بوەستێ چونکە بەوەستانی شەڕ تورکیا نانێکیشیان پێ نادات ئیسپاتی ئەوەشمان دوا بەدوای وەستانی شەڕ پەیوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان و تورکیا ڕوی لە ئاڵۆزی کردووە بۆ ئەوەیە. بەڵام بەقەد ئەوەی من ئۆجەلان و بزاڤی ئازادی نەتەوەیی هاوچەرخم ناسیبێ ئەوان بەئیرادەی خۆیان بە بڕیاری خۆیان نەبێت هیچ شتێك ناکەن ئەگەر سەری هەمویانیش بفڕێنن، بۆ نمونە دەستپێکردنی شەڕی 15ی ئابی ساڵی 1984لەلایەك (پ ك ك) بەدڵی کەس نەبوو بەڵام بەبڕیاری خۆیان ئەم شەڕەیانداو گەلێ کەسی لەو ماوەییەی دوایی ڕەخنەیان لە پارتی ئاماژەبۆکراو ئەگرت و ئەیانووت بۆ شەڕی ڕاگرتوە و تەسلیم بووە ئەو کاتە تاساڵانی 1999هەردژ بەشەڕ بوون، بەڵام پەکەکە و سەرۆکایەتیەکەی چونکە لەسەر ئەوە دەستگیرکرابوو کە ئاشتی دەوێت لە ئیمراڵیش هەمان هەڵوێستی دوبارە کردەوە، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا کاتێك KADEKبڕیاری شەڕی پاراستنی ڕەوای داوە، پێویستە ڕەخنە لە هەڵوێستی PDK-YNKو گەلێك لە کۆلکە ڕۆشەنبیری مێشك ژەنگاوی بکەین کە ئەو کات واتە لە قۆناغی ئیمراڵیدا بەهەمووشێوەیەك قسەکانی ئۆج ئالان و (پ ك ك) یان چەواشە ئەکرد و بەتەسلیمیەتیان لە قەڵەم ئەدا، باشە ئەمڕۆ بڕیاری شەڕی پاراستنی ڕەوایاندا ئەوان چی ئەڵێن پەشیمانن لە هەڵوێستە نانیشتیمانیەکانیان یان نا لەکاتێکدا کە ئۆج ئالان دستگیر کرا هەموو جیهان شینی ئەکرد ئەوانیش لەبن سێبەری پۆستاڵی تورك سەمایان دەکرد. هەندێك کەس و لایەن ئەم بڕیارەی دووایی کادیك بە وە لەقەڵەم ئەدەن کە

پارتی ئاما          ژەبۆکراو هێزی لە دەست داوە بۆیە دەیەوێ جارێکی تر هێز لە خۆی کۆبکاتەوە بەلاّم ئەمە جگە لە گێرە شێوێنی و بێ واتا کردنی هەڵوێستی نیشتیمانی هیچ واتایەکی تری نیە، بەپیچەوانەی ئەوە من ئێستا تەماشای بەرناو پەیڕەوی ناوخۆی PKK و KADEK ئەکەم لەوێش ئاماژە بەوە ئەکات کە لە کاتێکدا ستراتیژی ئەوان ئەگەر بە شێوەیەکی سیاسیانە پێش نەکەوت ئەوا لە چوارچێوەی شەڕی پاراستنی ڕەوا هەڵوێست وەرئەگرن و شەڕ ئەخەنە خزمەتی ڕاپەرینی سیاسی، بەلاّم من پێم وایە بەشێکی زۆری خەڵك لە بڕیاری دوایی KADEKتێنەگەیشتونە چونکە ئەوان ستراتیژی خۆیان نەگۆڕیوە بەڵکو لەو قۆناغەدا تورکیا ڕێگای لە تاکتیکی ڕاپەرینی بنەما سیاسی گرتوەو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد هیچ هەنگاوێك نانێت و جگە لەوەش پەیتا پەیتا باشوری کوردستانیش داگیر دەکات و (ی ن ك) و (پ د ك) یش دەنگیان لێوە نایەت بۆیە ئەو بڕیارە وەرگیراوە، بەلاّم ئەم بڕیارە بەواتای دوبارەکردنەوەی شێوازی شەڕی پێشوی ئەو ڕێکخراوە نایەتەوە.

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لـەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەلاّم بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بلاّویدەکەینەوە. لـەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لـە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003

www.kurdistannet.org کوردستان نێت